# کورد له ماڵه‌باجینه‌ی *هه‌ڵبژاردندا
# دۆڕاوی یه‌که‌مه .... ئه‌گه‌ر !!!
## جه‌زا چنگیانی

* **ماڵه‌باجینه** : چه‌ند ڕۆژیك له‌مه‌وبه‌ر له‌ته‌ك برای نووسه‌ر كاك ئه‌نوه‌ر ڕه‌شیدا به‌ ته‌له‌فون قسه‌مان ده‌كرد . ووشه‌ی ماڵه‌باجینه لەو برایه‌وه فێربووم . یانی بازیی , گه‌مه یان یاریه‌كه كه منداڵانی كه‌م ته‌مه‌ن ڕۆڵی مرۆڤی گه‌یووی تێدا ده‌بینن . كوڕێكی چه‌ند ساڵ ته‌مه‌ن ڕۆڵی باوك و كیژێكی چه‌ند ساڵ ته‌مه‌ن ڕۆڵی دایك . ئه‌و منداڵانه هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی كه بازییه‌كه‌یان ته‌واو بوو و چوونه‌وه بۆ ماڵه‌كه‌یان ده‌بنه‌وه به منداڵه پچكۆلانه چه‌ند ساڵ ته‌مه‌نه‌كه . ئه‌مه چ په‌یوه‌ندیه‌كی به هه‌ڵبژاردنی عیراقی كۆلۆنیالیست و هاوبه‌شی كورد و كوردستانی كۆلۆنیاله‌وه هه‌یه ؟

ئه‌مه یه‌كه‌مجار نیه كه ڕژیمی عیراقی وده‌سه‌ڵاتی ده‌ره‌كی گه‌لانی عیراق به‌ره‌و مه‌یدانی هه‌ڵبژاردن كێشده‌كه‌ن . له سه‌رود‌ه‌می دامه‌زراندی ده‌وڵه‌تی عیراقدا و لكاندنی باشوری كوردستان پێوه‌ی . ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش وه‌ك ئیستا ئینگلیزه‌كان بۆ له خشته بردنی مرۆڤی كورد ماله‌باجینه‌ی هه‌ڵبژاردنیان كرده ویردی سه‌رزمانی خه‌ڵكه ڕه‌ش و ڕووته‌كه له ئه‌نجامدا كورد به مافه‌كانی خۆی ده‌گات . بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش كۆمه‌ڵی خوینده‌واری كوردیان به كورسی ده‌سه‌ڵات مه‌ستكرد. ئینگیلیزه‌كان جگه له‌وه‌ی پیاوێكیان له سووریا خواست و بۆ ویستی خۆیان كردیان به مه‌لیك و بزوتنه‌وه‌كه‌ی شیخی نه‌مریشیان به هێزی چه‌ك و هێزی خوینده‌واره جاشه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی كورد وه‌ك ( به‌كر صدقی جه‌عفه‌ر عه‌سكه‌ری , توفیق وه‌هبی و محمد ئه‌مین زه‌كی به‌گ و ئه‌حمه‌د موختار بابان , رفیق عارف ) (كۆمه‌ڵه ئه‌فسه‌رێكی كوردی كۆنی سوپای تلیساوه‌ی عوسمانیه‌كان ). سوپای عیراق و ده‌وڵه‌تی عیراقیان دروستكرد . ویستی ئه‌و ساته‌ی ئینگلیز ئارامی عیراق بوو ئه‌ویش له پێناوی ئارامی كۆنترۆلكردنی پترۆلی كوردستان و عیراقدا بوو . شیخی نه‌مر له سه‌ردانیكیدا بۆ به‌غدا چاوی به جه‌عفه‌ر عه‌سكه‌ری كه كاربه‌ده‌ستیكی به‌رزی ڕژیمی عیراقی بوو ده‌كه‌ویت . ده‌فه‌رمووی جه‌عفه‌ر پاشا . پاشای خۆمان بویتا باشتر نه‌ده‌بوو ؟. ئه‌وه‌بوو دوای ئه‌و هه‌موو چڵكاوه‌ی جه‌عفه‌ر عه‌سكه‌ری و به‌كر صدقی وئه‌فسه‌ر جاشه‌كانی تر خواردیانه‌وه . جه‌عفه‌ر عه‌سكه‌ری له ساڵی 1936 و بكر صدقیش سالی 1937 ناسیونالیسته عه‌ره‌به‌كان تیرۆریانكردن و كۆژه‌ری هه‌ردووكیانیشیان به یاسایه‌كی ده‌وڵه‌تی ئازادكرد * . ئه‌فسه‌ره كورده‌كانی تریشیان تائاستی صفر پچوككرده‌وه . ئه‌مه نمونه‌ی ساویلكه‌ی كورد بوو له بونیادی ده‌وڵه‌تی عیراقدا . كه ده‌سه‌ڵاتی چه‌ق و بریاری سیاسی له به‌غداد دا له لایه‌ن ناسیونالیسته عه‌ره‌به‌كانه‌وه قۆرخكرا تا ڕۆژی ڕمانی دیكتاتۆره‌كه‌ی به‌غداد . له 9 نیسانی 2003 . سه‌رانی كورد هیچ جۆره نرخ و ڕۆڵ و قورساییه‌كیان له كێشه‌ی مرۆڤی كورد دا نه‌بووه به‌ڵكه به پێچه‌وانه‌وه كوردانی ده‌سته‌مۆی ڕژیمی عیراقی له‌مپه‌ر و چاوبه‌ستی ژیانه زوخاوییه‌كه وتراجیدیای كورد بوون . خه‌می ئینگلیز و ناسیونالیستی عه‌ره‌بی له‌و سه‌رده‌مه‌دا ساردكرنه‌وه‌ی وه‌زی جه‌ماوه‌ر و كاڵكردنه‌وه‌ی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی و بیری دامه‌زراندی ده‌وڵه‌تی كوردی بوو له لای مرۆڤی كورد ( كۆمۆنیسته عه‌ره‌به‌كانیش له‌م بۆاره‌دا زۆر دژی كورد و ده‌وڵه‌تی كوردی بوون ) له‌و سه‌رده‌مه‌دا له ژیر عه‌بای عورووبه و ئیسلامدا كوردیان به شه‌قشه‌قه‌ی

دیموكراتیەت و هەڵبژاردن هەڵخەڵەتان . سوپای عیراقی كە ئەفسەر جاشەكانی كورد دروستیان كرد . ئەنفالی بۆ كورد هانی . نەك لە كۆمەڵگای گەوچی عەربیدا بەڵكو لە هیچ كۆمەڵگایەكی ئەم دونیایەدا هەڵبژاردن و دیموكراتی سەقامگیر نابێ ئەگەر بیرو باوەڕ و هەستی مروی پاك ڕیزگرتن لە ماف مرۆڤ لای دەسەلات و هوشیاری تاكی كۆمەڵ نەبێ . بەداخەوە ئەوەی بە كولتوری عەرەب و ئیسلام نامۆیە ( ماف مرۆڤ وئازادی تاكە ) كە ئەم دوو خاڵەش بەردی بناغەی پرۆسیس و گەشەكردنی كۆمەڵگای دیموكراسیە. درۆمان نەنووسیەوە نەك لە عیراقدا كە كیشەی كورد و ئاینزادەی جودا هەیە . لە چ وولاتێكی عەرەبی وئیسلامیدا ( ماڤی مرۆڤ و ئازادی تاك ) نییە ؟؟؟. دەسەلاتی ناسیونالیستی عەرەبی لە مەلیك فیصلەوە تا صدام بۆ وەڵامی پرسی كوردی یەك وەلام بوو . دەسەلاتی ئیستاش و داهاتوی عیراق كە خۆی لە ئایدولۆژیتی تیژڕەوی یاوەر و مقتدی صدر و سیستانیدا دەبینیتەوە ( ڕووی كولتوری زاڵی كۆمەڵگایەك نیشان دەدا كە دەگەریتەوە بۆ ساڵی 145 كۆچی و ساڵی دروستبوونی بەغدا و دەسەلاتی ابوجعفر المنصور ) . ماكیافیللی دەبێژێ ( شیوازی سیاسی لە لۆژیكی مرۆڤەوە هەڵقولاوە ) ( ئەرستۆش پیوایە جیاوازی لە نێوان ژیانی سیاسی و كۆمەلایەتیدا نیە )** لە ژێر تیروانینی ئەم بۆچونانەدا دەتوانین كولتوری كەسێك ( یاوەر ) كەئیستا سەرۆك كۆماری عیراقی كاتی و ڕەنگەلە داهاتووشدا ماوەیەكیش سەرۆكی عیراق بێ . كولتورەكەی ڕێگەی بدا لە ماڵێكدا سێ ژنی وەك ( بزن ) ڕیز بكات دەكری چاوەری ئەوەی لێبكریت ببیتە پیشڕەوی مۆدیرنیزم و پرۆسیسی دیموكرازیەكردنی كۆمەڵگایەك كە تا سەر ئیسقان پریمتیفە . ئاخر وایە دەستنیشانكردنی ڕەوشت و موراڵی سیاسی و دەسەلات پابەندە بە ڕەوشت و موراڵی دەسەلاتدارەوە .لە ابو جعفر المنصورەوە تا صەدام ئەوەی بڕوایان پیبووە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە سیاستیشدا پیادەیان كردوە بە تایبەتی بەرامبەر بە كورد و گەلانی تری نا عەرەب . دیكتاتۆرە كوردیكەش ( تاڵەبانی ) لە ساڵی 1964وە ئەوەی حەزی لێبكات و خۆی و دەرویشەكانی لە كاری سیاسیدا پیادەی دەكەن .گەر كەسێك لە تەك خۆی و بەرامبەرەكەی نیوخواز و دیموكراسی خواز نەبێ .چۆن دەتوانی جلەوی پرۆسێسی هەڵبژاردن لە كۆمەڵگایەكدا بگریت كە نوقمی پریمتیفی ئیسلام و ڕاسستی عەرەبی و دوژمنایتی خوێناوی خێڵەكی نێوان تاڵەبانی وبەرزانیە؟؟ . هزری سیاسی كورد و عەرەب لە باشوری كوردستان و عیراقدا هەزریكی ئیفلیج و بێكەڵكە . ئاوزانیان پارسەنگی كیشەكانی تاك و كۆمەڵ نابیتەوە . لە لای ئەوان باسكردن لە دیموكراسی وەك قرقینەی دوای برنج و بامیە وایە .

لە ڕاستیدا گرفتی تێنەگەیشتنی عەرەب لە دیموكراسی وپەسەند نەكردنی ئاوزانی سەردەم گرفتی مرۆڤی كورد نیە . گرفتی مرۆڤی كورد بە دەستهێنانی كەرامەتی نەتەوایەتیە نەك گۆڕینی ئاوزانی بۆگەنی عەرەبی بە مۆدیرن . ئەگەر كورد گەرەكیبی وەك گەلێكی سەربەخۆ مامەڵە لە تەك ڕووداوەكاندا بكات و ڕێزی بۆ خوێنی قوربانیەكانی بزوتنەوەكە وخویندنەوەیەكی ژیریان بۆ هەلەبجە و ئەنفال و ڕەو هەبێ پێش هەر هەنگاوێك پێویستە ( ماڵی سیاسی خۆیان پوختە وپتەو و ئیستراتیجیەتێكی نەتەوەی بۆ بزوتنەوەكە بكات بە گوتاری سیاسی خۆی دواجار بچیتە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە ).

بۆچی كورد لە هەڵبژاردندا دۆڕاوی یەكەمە ؟

1. مادامیێكی زۆربە لە عیراقدا عەرەبە وخاوەنی ئایدۆلۆژیتێكی ڕاسستی توندڕەوەن . بە هەموو جیاوازییەكانی باڵە جیاوازەكانی عەرەبی عیراقیەوە . هەموو لە خزمەت عیراق و عروبەدان و دژی ویستی مرۆڤی كوردن . بۆیە ئەگەر كورد دڵی بە بڕیای كۆی پەرلەمانی عیراقی داهاتوو خۆش

بێت. ئەوە بریارەکان هیچ لە بەرژەوەندی کورد دا نابێ . ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عیراق 275 کورسییە لە مانە 75 ی هی کوردە . لە هەموو بریارێکدا کورد دوراوە ئەگەر بە( رێژە ) بچێتە پەرلەمانەوە . سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر وەك ناوچە .

2 . مالی سیاسی کوردی مالێکی پر ئاشوبەو پەرش و بلاو پر لە قین و چاوسورکردنەوەن لە یەکتریە . نەخشەی کوردستانی سنوری فیدریالی و ئایندەی شارە کوردیە پترۆلیەکان بە هەلواسراوی ماوەتەوە ئایندە ئەو سێ شارە زۆر تاریك دژوارە . ئایندەی ئەو سێ شارەش یانی ئایندەی رەشی کورد . بە بێ چەسپاندنی کوردستانی بوونی کەرکوك و خانەقین و موصل . هاوبەشیکردن لە هەلبژاردندا وەك هاوبەشیکردنی کورد لە قادسیەی صدامدا وایە . هاوبەشیکردن لە هەلبژاردنی داهاتوی عیراقدا ناپاکی وخیانەتە لە مرۆڤی کورد . سەرجەم مروڤایەتی دەکری بە هاوبەشی بوونی کورد لە هەلبژاردنی عیراقدا مۆرکی کوردستان بوونی باشوری کوردستان کالدەبێتەوە . ئەنجامی دەنگەکان هەرچۆنیك بێ کورد دۆراوی یەکەمە رۆلی تالەبانی و بەرزانی و پالەوانە کاریکاتۆرەکانی ریفۆراندومیش دەچیتە پال رۆلی ئەفسەر و خویندەوارە کوردە جاشەکانی سەردەمی دامەزراندی عیراقەوە .

**کورد لە مالەباجینەی هەلبژاردندا دۆراوی یەکەمە.... ئەگەر ( ویلایەتی موصل ) واتە سنوری باشوری کوردستان وەك کۆماری ( فیدریالی کوردستان ) دەستنیشان نەکریت لە پیش هەلبژاردندا .**

* نوری السعید ... رجل الدوله والانسان ... الدکتوره عصمت العید

** ماکیاڤیللی و بیری رێنسانس ...، ن . رامین جیهانبەگلر ... و . موسلح ئیروانی

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de

سانپیتربۆرگ .....2004/11/05